پاشماوەی گەڵە شیعر

کڵپەیەک لە بەستەڵەکدا

ڕوونکردنەوە:

(١) ئەدەبیاتی شۆسک: مەبەست ئەو جۆرە ئەدەبە تیجارییەیە کە لەو شۆسک/ دوکانانەدا دەفرۆشرێت کە نزیک بە وێستگەی پاس و قیتارەکانن و زۆرتر موسافیر بۆ کاتبەسەربردنی ڕێگا دەیکڕن و دەیخوێننەوە.
(٢) و (٤) چەند دێڕێکە لە نامەیەکی بیۆرن کە بۆی ناردووم و دواتریش ئەو نامەیەی تێهەڵکێش بە نووسینێک کرد دەربارەی (تێگەیشتن لە شیعر لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا)یە و لە ڕۆژنامەی (ترۆمس فۆڵکە بلاد) لە ئەپریلی ٩٤دا بڵاوی کردۆتەوە.
(٣)، (٥)، (٧)، (٩)، (١٥) و (١٦) چەند پارچەشیعرێکن لە کۆمەڵەشیعری (حسابات)، ئەو شیعرانە بەبێ ناونیشانن و هەریەکەیان مێژووی ڕۆژێکی لەسەرە وەک: ٩/١٣ و ٩/٢٠ و ١٠/١٤ و.....
(٦)، (٨)، (١١) و (١٤) چەند بەشێکن لە گفتوگۆیەکی یەک سەعاتی لەگەڵ بیۆرندا لە ڕۆژی ٩٣/٦/١٦دا لە (فینسنیس) سازم داوە و بە کامێرای ڤیدیۆ تۆمارکراوە، بەو نیازەی هاوینی ئەو ساڵە لە کوردستان نیشان بدرێت؛ بەڵام ڕێک نەکەوت (کەسیش یارمەتی نەدام بۆ نیشاندانی!) پایەزی هەمان ساڵ لە ڕۆژی ٩٣/١٢/١٢ لە (مەڵبەندی کولتووری کوردستان لە ئۆسلۆ)، لە ئێوارەکۆڕێکدا نیشانم دا و کۆمەڵێ لە ئەدەبدۆستان بینییان.
(١٠) «نامەیەکی دەنگی»، ڕۆژی ٩٥/١/١٨ شێرکۆ بێکەس لە ئۆسلۆ کۆڕێکی شیعرخوێندنەوەی لە لایەن کۆمەڵەی دیموکراتیکی یەکگرتووی کوردستانەوە بۆ گیرا؛ بیۆرن پەیامێکی لە ڕێگەی منەوە بۆ شێرکۆ نارد، پەیامەکە (کاسێتێک) نامەیەکی دەنگی بوو، نزیکەی «١٥» دەقیقە باسی تێگەیشتنی خۆی لە شیعر و ئەدەبی کوردی و تێبینی لەسەر شیعرەکانی شێرکۆ دەکات. من ئەو (پەیامە)م تەرجوومە و پێشکەش بە ئامادەبووان و شێرکۆش کرد و بووە مایەی ڕەزامەندی.
(١٢) نۆرگە ـ نەرویجییەکان خۆیان بە نەرویج دەڵێن نۆرگە.
(١٣) «بیری ئێمە ئازادە»، بیۆرن ئەم پارچەشیعرەی لە ڕۆژی ١٩٩٤/٤/٩دا بە بۆنەی (ڕۆژی ڕزگاربوونی نەرویج لە دەست نازیستەکان لە ١٩٤٥/٤/٩) نووسیوە و پێشکەش بە منی کردووە، منیش لە ڕۆژی ٩٤/٤/٢٢ لە کۆڕێکدا لە (یادی ٩٦ ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردی) لە مەڵبەندی کولتووری کوردستان لە ئۆسلۆ، بەو بۆنەیەوە گێڕام، تەرجومە و پێشکەشم کرد.

* نورلیس=ڕووناکیی باکوور (هەورێکی ڕەنگاوڕەنگە) وردیلەی موگناتیزیمە کە لە خۆرەوە بەرەو زەوی دێت و کاتێک تێکەڵ بە گازەکانی ئەتمۆسفار دەبێت لە شێوەی (کۆلکەزێڕینە) یان هەوری ڕەنگاوڕەنگدا دەردەکەوێت بە تایبەتی لە شەوانی سایەقەدا لەسەر هێڵی پانی ٦٠ پلەوە دەردەکەوێت بە زستان!

تێبینی:
من شاعیر نیم! ئەو پارچەشیعرانەم تەنیا بە (سەلیقە!) تەرجومە کردووە و مەبەستم زیاتر نیشاندانی جۆری بیرکردنەوە و دنیابینیی بیۆرن ـ نەکوو هونەر و تەکنیکی شیعری ئەو ـ بووە.

٢٠٠١/٣/١٩

پاشماوەی دۆکتۆر شاکر الخصباک:

کورد تا ئێستاش خۆی سەروەری خۆی نییە

بەسەردا سەپاندوین کە لەنێوانمان شەریکایەتییەک لە بەڕێوەبردنی وڵاتەکەماندا هەبێت، هەربۆیە دەبێت مامەڵەمان لەگەڵ یەکتردا، پڕ بە پڕی مانا، مامەڵەی دوو شەریک بێت. شەریکێکیش نییە لەوی تر باشتر بێت. ئەگەر ڕژێمێکی وا هەبێت کە پێڕەوی ئەو پەیوەندییە بکات لەنێوانماندا، لەو باوەڕدا نیم ئەمە لە دژی کوردەکانی عیراق بێت و ئەمە لەوە باشترە کە دەوڵەتێکی ئابڵووقەدراوی ئابووریڕووخاوم هەبێت و نەتوانم کاروبارەکانم وەکوو پێویست بەڕێوەبەرم، چونکە دەوڵەتێکی لەو چەشنە دەوڵەتێکی زیندانیکراو دەبێت و لە هەموو لایەکەوە بە هێزی تر دەورە دەدرێت. لە لایەکی تریشەوە وەکوو پێشتریش ئاماژەم بۆ کرد ئابووریی ناوچە شاخاوییەکانی عیراق تەواوکەری ناوچەی دیکە و هاریکارییەکی گرنگ لەنێوانیاندا هەیە و هەردوولاش کەڵکی لێ وەردەگرن. ئەوەش لە بیر مەکە کە بە نیسبەت کوردەکانەوە ئەگەر لە داهاتوودا باری گشتیی وڵات چاکتر بێت گەشتوگوزار بەشێکی گرنگ لە ئابوورییەکەیان پێک دەهێنێت و ئەمەش پێوەندە بە بەشی خوارووو و ناوەڕاستی وڵاتەکەوە و بووە بە پێویستی بۆیان، چونکە هاوینی ئەو ناوچانە گەرمە و ناوچە کوردنشینەکانیش فێنکن و پڕن لە سەوزایی و بۆ گەشتوگوزار گونجاون. پیشەی گەشتوگوزاریش بەشێکی گرنگ لە ئابووریی دەوڵەت پێک دەهێنێت، هەربۆیە ئەگەر بە شێوەیەکی ڕاست بە کار بهێنرێت سوودی بۆ ناوچەکە دەبێت. بێجگە لەوەش بەروبوومی ناوچە شاخاوییەکان لە بەروبوومی ناوچەکانی دیکە جیاوازە دەبێت بازاڕیان بۆ بدۆزرێتەوە و لەوەشدا ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووو ڕۆڵی گرنگیان هەیە. لە بارەی نەوتیشەوە، نەوت گرنگییەکی زۆری هەیە و ئێستا نەوتی ناوچە کوردییەکان لەبەر زۆر بەکارهێنانی کەمتر بووەتەوە و لە ناوچەکانی تریشدا تا بێت زیاتر دەدۆزرێتەوە، بە شێوەیەک کە وا پێشبینی دەکرێت کە ناوچەکە لەسەر نەوت هەڵکەوتبێت و ئەمەش، ئەگەر ئەو دوو نەتەوەیە پێکەوە و بە ئاشتی و برایەتی بژین، ڕۆڵێکی زۆر گرنگ لە ئابووریی داهاتووی وڵاتدا دەبینێت و دەبێت ئەو داهاتەی لە نەوت دەست دەکەوێت بەسەر هەردوو نەتەوەدا بەش بکرێت. خۆ نابێت کوردەکانی لێ بێبەری بکرێت و تەنیا بۆ عەرەبەکان بێت. هەر لە سۆنگەی ئەم لایەنانەوەیە کە من لەو باوەڕدام کە باشترە هەردوولا لەسەر بەڕێوەبەرایەتییەک ڕێک بکەون، کە تیایدا گشت مافە نەتەوەییەکان بۆ کوردەکان بگەڕێنرێتەوە و ڕێیان پێ بدرێت خۆیان حوکمی خۆیان بکەن، بەڵام پێوەند بێت بە ناوچەکانی دیکەی وڵاتەکەوە و لە چوارچێوە و سنووری عیراقدا بمێنێتەوە. لە هزری منداً ئەمە لەبارترین جۆری بەڕێوەبەرایەتییە بۆ هەردوولا، بەڵام ئەمە پێویستی بە ڕژێمێک هەیە کە بەڕاستی لەسەر بنگە سەرەکییەکانی دیموکراتییەت بینا کرابێت و، خەڵک لە ڕێگای نوێنەرەکانییەوە، نەک لە سەرەوە، بڕیاری تێدا بدات. ئەگەر ئەو ڕۆژە هات و ئەوا دەتوانن خۆیان بۆ خۆیان جۆرێک لە حوکم هەڵبژێرن کە بۆ وڵاتەکە لەبار و گونجاوە. ئەوەتا بۆ خۆشت دەیبینیت، کورد تا ئێستاش خۆی سەروەری خۆی نییە و بارودۆخی گشتییان لە لایەن کەسانێکەوە یاری پێ دەکرێت و بووە بە هۆی جیاوازی لەنێویاندا، ئەگەرنا چییە بووە بە هۆی ئەوەی کە دوو ڕژێم لە یەک وڵاتدا هەبێت. نەک هەر ئەمە بەڵکوو لەگەڵ یەکتریشدا لە شەڕدان و ئەمەش بووە بە هۆی بێئومێدی بۆ هەموومان. بێگومان دوژمنانیش دەڵێن: "ئەوەتا خۆیان ناتوانن خۆیان بەڕێوەبەرن! هەریەکە و دەستی بەسەر ناوچەیەکدا گرتووە و شەڕ لەگەڵ ئەوی دیکەدا دەکات." ئەمەش بەداخەوە لە ئێستادا لە دژی ئەوان بەکار دەهێنرێت، بە شێوەیەک کە دەوترێت ئەوانە بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەتێک گونجاو نین و ناتوانن کاروبارەکانی ڕێک بخەن. ئەمەش هەر ئەوەیە کە پێشتر ڕۆژئاواییەکان لە بەرانبەر هەموو ئەو دەوڵەتانەدا دەیانوت، کە ئەوانە ناتوانن و لە ڕووی سیاسییەوە ئەوەندە پێشکەوتوو نین تا بتوانن خۆیان بەڕێوەبەرن و دەبێت ئێمە ببین بە ڕێنیشاندەریان، کەواتە ئێمە خۆمان دەبێت بە شێوەیەکی تر ڕێک بخەین و هەوڵی چاکترکردنی بارودۆخی ئێستای وڵاتەکەمان بدەین..."

پەروین: "لە کۆتاییدا سوپاسی زانای گەورە دۆکتۆر شاکر الخصباک، مامۆستای جوگرافیای سیاسی لە زانکۆ الصنعاء، دەکەم بۆ ئەو بەدەنگەوەهاتنەی!"

شاکر الخصباک: "سوپاس بۆ خۆتان!"

کۆمپانیای «Cielfilm»ی فرەنسایی پێویستی بە ئەکتەرێکی کوردە

کۆمپانیای «Cielfilm» لە فرەنسا پێویستی بە ئەکتەرێکی کوردی ڕەشتاڵەی تەمەن ٢٠-٢٥ ساڵە، کوردی بزانێت، بۆ دەورێکی سەرەکی لە فیلمێکی کوردیدا کە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەڕێوە دەبرێت.
ئەگەر خوازیاری ئەو کارەی، تکایە وێنە و نامەتان بنێرن بۆ ئەم ناونیشانە:
cielfilm@aol.com

سی دی "لەیلۆ"

تازەترین بەرهەمی گۆرانیبێژی هونەرمەند «یاسین»ە.
سی دی "لەیلۆ" لە «١١» گۆرانی و ئاوازی تازە پێکهاتووە و بە تازەترین ئامێری "**11 Protools MX24+**" تۆمار کراوە.
"لەیلۆ" دوو هەفتەی تر دەکەوێتە بازاڕەوە.
هونەرمەند «یاسین» لەم بەرهەمە تازەیەیدا توانیوویەتی لە ئاستێکی بەرزدا و بە تەکنیکێکی نوێ و هاوچەرخ، بەرهەمێکی بەپێز و پڕ لە جۆش بخاتە بەر دەست گوێگرانی ئاواز و گۆرانیی کوردی.
ئەم بەرهەمە بە بەشداریی چەند مۆسیقاژەنێکی بەتوانا و شارەزا و پاش ماندووبوونێکی زۆر بەم ئاستەوە دەکەوێتە بەر دەستی شەیدایانی ئاواز و گۆرانیی کوردی.
بۆ بەدەستهێنانی سی دی "لەیلۆ" پەیوەندی بەم ژمارە تەلەفۆن و فاکس و ئیمەیڵ و ناونیشانەوە بکەن:

Tel &Fax: 0207 792 5563 **Mob:** 07881505444
email: **yassenn@hotmail.com**

وێب سایتی "یاسین موزیک"
www.yassenmusic.com

هەروەها دەتوانن لە ڕێگەی ئەم ناونیشانانەی خوارەوە، سی دی "لەیلۆ" بەدەستبهێنن.

Falcon
82 Edgware Rd
London W2 5EA
Tel: 020 7723 5121

KCC
14 Stannary St
London SE11 4AA
Tel: 020 7735 0918

Vido Sina
11 Hereford Rd
London W2 4AB
Tel: 020 7229 1132

Nawroz Restaurant
389A Green Lanes
London N4 1EU
Tel: 020 8341 0597